# جیهادکردنی ئێوە بریتییە لە حەج کردن

لە عائیشە دایکی ئیماندارانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: داوای مۆڵەت پێدانم کرد لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆ ئەوەی جیهاد ئەنجام بدەم، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «جیهادکردنی ئێوە (ئافرەتان) بریتیە لە حەج کردن».
[صەحیحە] [بوخاری گێراویەتیەوە]

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت کە ئەو داوای مۆڵەت وەرگرتنی لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد بۆ ئەوەی جیهادی لەگەڵدا بکات ئەمیش بەهۆی فەزڵ وپلەی جیهادەوە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆی ڕوونکردەوە کە ئەنجامدانی جیهاد وڕووبەڕووبونەوەی دوژمنان ڕێگەپێنەدراوە بۆ ئافرەتان؛ چونکە ئەوان بە زۆری لاشەیان لاوازە وهەست وسۆزیان زیاترە، وئارام ناگرن لەسەر ناڕەحەتی ومەترسییەکان، وئەمیش ڕێگر نابێت لەوەی ئافرەتان چارەسەری برینداڕەکان بکەن، یان ئاو بدەن بە تینووەکان، وهاوشێوەی ئەمانە. ئوم عەتیە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەشداری حەوت غەزام -هەڵمەتی ڕزگاری کردنم- کرد؛ پاسەوانی شتومەکەکانیانم دەکرد، وخواردنم بۆیان دروستدەکرد، وبرینداڕەکانم چارەسەر دەکرد، وگرنگیم بە نەخۆشەکان دەدا) [رواه مسلم]. وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە عائیشەی فەرموو جیهادکردنی ئێوە لە ئەنجامدانی حەجدایە، وچواندنی حەج وعومرە بە جیهاد ئەمیش بەهۆی ئەوەیە کە حەج وعومرە کردن سەفەر وکۆچکردن ودووربوونەوەیە لە وڵات وداپرانە لە بنەماڵە ومەترسیەکانی ڕێگاوبان وماندووبوونی لاشە وخەرجکردنی پارە وسامانی تێدایە. ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (ئوم سولەیم -دایکی سولەیم- شمشێرێکی -خەنجەرێکی- هەبوو لە ڕۆژی حونەیندا -جەنگی حونەیندا-، وبە پێغەمبەری فەرموو -صلى الله عليه وسلم-: ئەم خەنجەرەم لە لایە ئەگەر کەسێک لە موشریکەکان لێم نزیک ببێتەوە ناو سکی بۆ دەکەمەوە -ناو سکی دەدڕم-) [رواه مسلم]، ئەمیش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە دروستە ئافرەت بەشداری لە جەنگ بکات بەڵام تەنها بۆ بەرگری کردن لە خۆی ئەگەر کەسێک هێرشی کردە سەری، نەک مەبەست ئەوە بێت کە بەشدار بێت لە گۆڕەپانی جەنگ وهێرش بکاتە سەر دوژمنان.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/64598

النجاة الخيرية ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية EDC E-Da'wah Committee